# ژن، ژیان، ئازادی

## جاڕنامەی لانی کەمی داواکارییەکانی سەندیکای کرێکاری و ڕێکخراوە مەدەنییە سەربەخۆکانی ئێران

**خەڵکی شەریف و ئازادەی ئێران!**

**لە ٤٤هەمین ساڵیادی شۆڕشی ٥٧دا، شیرازەی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵات کەوتووەتە ناو گێژەڵوکەی قەیران و هەڵوەشانەوەیەکی وەها کە هیچ دیدگایەکی ڕوون و بەرهەمدار ناتوانرێت لە چوارچێوەی ئەم ڕوبینای سیاسییەدا کە ئێستا هەیە سەرکەوتوو بێت. بۆ کۆتایی پێهێنانی هە ر لە بە ر ئە و هۆکارە یە کە خە ڵکی ستە ملێکراوی ئێران - ژنان و گە نجانی خوازیاری ئازادی و یە کسانی - شە قامی شارە کانیان لە هە موو وڵاتدا کردووە تە ناوە ندی خە باتێکی مێژوویی و چارە نووسساز بۆ کۆتاییهێنان بە هە لومە رجە نامرۆڤانە کانی ئێستا و ئەوە پێنج مانگ زیاترە سەرەڕای سەرکوتکردنی خوێناوی حکومەت، بۆ ساتێکیش پشوویان نەداوە.**

**ئاڵای نارەزایەتییە بنەڕەتییەکان کە ئەمڕۆ لە لایەن ژنان، قوتابیان، مامۆستایان، کرێکاران و داواکاران و هونەرمەندان، پەلکەزێرینەکان، نووسەران و گشت جەماوەری ستەملێکراوی ئێران لە سەرانسەری وڵات لە کوردستانەوە تا سیستان و بەلوچستان بەرزکرایەوە و بێ وێنەترین پشتیوانیی نێودەوڵەتیی بۆ خۆی ڕاکێشاوە، نارەزایەتییەکە لە دژی توندوتیژی دژی ژنان و جیاکاریی جێندەری، نائەمنیی ئابووری بێکۆتایی، کۆیلایەتی هێزی کار، هەژاری و نەهامەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی، چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ئایینی، شۆڕشێکە لە دژی هەموو جۆرە ستەمکارییەکی ئایینی و نائاینی کە زیاتر لە یەک سەدەی ڕابردوو، بەسەر ئێمە گشت خەڵکی ئێراندا سەپێنراوە.**

**ئەم ناڕەزایەتییە ژێرەو ژوورکەرە لە چوارچێوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە گەورە و مۆدێرنەکان و سەرهەڵدانی نەوەیەکی نەدۆڕاوەوە سەرهەڵدەدەن کە بڕیاریان داوە کۆتایی بە مێژووی سەد ساڵ دواکەوتوویی و پەراوێزخستنی ئایدیالی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن و ئاوەدان و ئازاد لە ئێران بهێنن.**

**دوای دوو شۆڕشی مەزن لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا، ئێستا بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە پێشەنگەکان - بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی مامۆستایان و خانەنشینان، بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، خوێندکار و لاوان و بزووتنەوەی دژ بە سزای لە سێدارەدان و هتد-ن لە ڕەهەندێکی جەماوەریدا و لە خوارەوەشەوە لە پێگەی کاریگەریدا دانراون لە ڕۆڵێکی مێژوویی و چارەنووسسازدا لە داڕشتنی پێکهاتەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵاتدا وەستاون.**

**بۆیە ئەم بزووتنەوەیە ئامانجی ئەوەیە بۆ هەمیشە کۆتایی بە پێکهێنانی هەر دەسەڵاتێک لە سەرەوە بێنێت و سەرەتای شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و مۆدێرن و ئینسانی بێت بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤەکان لە هەموو جۆرەکانی ستەم و هەڵاواردن و چوساندنە وە و ستەمکاری و دیکتاتۆرییەت.**

**ئێمە، ئەو ڕێکخراوە پیشەیی و دامەزراوە مەدەنییانەی کە ئەم مەنشورەمان واژۆ کردوە، بە گرنگیدان بە یەکڕیزی و پێکەوەگرێدانی بزووتنەوە و داواکارییە کۆمەڵایەتییەکان و گرنگیدان بە خەبات بۆ کۆتاییهێنان بە دۆخی نامرۆڤانە و وێرانکەری هەبوو، ئەم لانی کەمی داواکاریانەی خوارەوە وەک فەرمانی یەکەم و دەرئەنجامی ناڕەزایەتییە بناغەییەکانی خەڵکی ئێران تاکە ڕێگەی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی نوێی، مۆدێرن و ئینسانی وڵات دەزانین و داوا لە هەموو مرۆڤە شەریفەکان دەکەین کە ئازادی و یەکسانی و ڕزگاری لە دڵیاندایە، هەر لە کارگەکانەوە تا زانکۆ و قوتابخانە و گەڕەکەکان بۆ سەر شانۆی جیهانی، بۆ بەرزکردنەوەی ئاڵای ئەم کەمترین داواکارییانە ئەوان لوتکەیەکی بەرزی ئازادییان هەیە.**

**١. ئازادكردنی دەستبەجێ و بێ مەرجی سەرجەم زیندانیانی سیاسی و قەدەغەكردنی بەتاوان كردنی چالاكییە سیاسی و سەندیكا و مەدەنییەكان و دادگاییكردنی ئاشكرای ئەو كەسانەی بەرپرسن لە سەركوتكردنی ناڕەزایەتییە جەماوەرییەكان.**

**٢. ئازادی بێ مەرجی بیروڕا و ڕادەربڕین و بیركردنەوە، ڕۆژنامەگەری، حیزبی، یەكێتیی ناوخۆیی و هاوپیشە یە كان و ڕێكخراوە جەماوەریەكان، گردبوونەوە، مانگرتن، ڕێپێوان، تۆڕە كۆمەڵایەتیەكان و میدیای دەنگی و ڤیدیۆیی.**

**٣. هەڵوەشاندنەوەی دەستبەجێی دەرچوون و جێبەجێكردنی هەر جۆرە سزای مردن و لەسێدارەدان و تۆڵەسەندنەوە و قەدەغەكردنی هەر جۆرە ئەشكەنجەیەكی دەروونی و جەستەیی.**

**٤. ڕاگەیاندنی دەستبەجێ یەكسانی تەواوی مافەكانی ژنان لەگەڵ پیاوان لە هەموو بوارە سیاسی، ئابووری، كۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و خێزانیەكان، هەڵوەشاندنەوەی بێ مەرجی یاسا و فۆرمەكانی هەڵاواردن دژی پەیوەندی و مەیلی سێكسی و جێندەری، داننان بە كۆمەڵگەی پەلكەزێڕینەكان" LGBTQIA Plus". بێ تاوان كردنی هەموو پەیوەندی و مەیلەكانی ڕەگەزی و پابەندبوونی بێ مەرج بە هەموو مافەكانی ژنان بەسەر جەستە و چارەنووسی خۆیان و ڕێگریكردن لە كۆنترۆڵی پیاوسالاری.**

**٥. ئایین بابەتی تایبەتی تاكەكانە و نابێت لە چارەنووس و یاسا سیاسی و ئابووری و كۆمەڵایەتی و كولتوورییەكانی وڵاتدا بەشدار بێت.**

**٦. دەستەبەركردنی سەلامەتی كار و ئاسایشی كار و زیادكردنی دەستبەجێی مووچەی كرێكاران و مامۆستایان و فەرمانبەران و سەرجەم كرێكارانی كارمەند و خانەنشین بە ئامادەبوون و بەشداری و ڕێككەوتنی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی ڕێكخراوە سەربەخۆ و سەراسەریەكانیان.**

**٧. هەڵوەشاندنەوەی یاسا و هەر تێڕوانینێک کە لەسەر بنەمای هەڵاواردن و چەوساندنەوەی نەتەوەیی و ئایینی بێت و دروستکردنی ژێرخانی پشتیوانی گونجاو و دابەشکردنی دادپەروەرانە و یەکسانی ئاسانکارییەکانی حکومەت بۆ گەشەکردنی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەموو ناوچەکانی وڵات و دابینکردنی ئاسانکاری پێویست و یەکسان بۆ فێربوون و فێرکردن هەموو زمانە باوەکانی کۆمەڵگا.**

**٨. هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەو ئۆرگانەکانی سەرکوت و سنووردارکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەت و بەشداری ڕاستەوخۆ و هەمیشەیی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات لە ڕێگەی شورا ناوخۆیی و سەرتاسەریەکانەوە. دەرکردنی هەر بەرپرسێکی حکومی و ناحکومی لە لایەن دەنگدەرانەوە لە هەر کاتێکدا پێویستە لە مافە بنەڕەتییەکانی دەنگدەران بێت.**

**٩. دەستبەسەرداگرتنی موڵک وماڵی هەموو کەسانی حەقیقی و یاسایی و دامەزراوە حکومی، نیمچە حکومی و تایبەتەکان کە بە تاڵانی ڕاستەوخۆ یان کرێی حکومەت موڵک و سامانی کۆمەڵایەتی خەڵکی ئێرانیان بردووە. ئەو سەروەت و سامانەی لەم دەستبەسەرداگرتنانە بەدەست هاتووە، پێویستە بەپەلە بۆ مۆدێرنکردن و ئاوەدانکردنەوەی پەروەردە، سندوقی خانەنشینی، ژینگە و پێداویستیی ناوچەییەکان و چین و توێژەکانی خەڵکی ئێران کە لە سەردەمی دوو ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و ڕژێمی شاهانەدا بێبەش بوون و ئیمکاناتی کەمتریان هەبووە، خەرج بکرێت.**

**١٠. کۆتاییهێنان بە لەناوبردنی ژینگە، جێبەجێکردنی سیاسەتی بنەڕەتی بۆ گەڕاندنەوەی ژێرخانی ژینگەیی کە لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا لەناوچووە، و هاوبەشکردنی ئەو بەشانەی سروشت (وەک لەوەڕگە، سەیرانگا، دارستان و دامێنی گردەکان) کە لە شێوەی تایبەتکردنی مافە گشتیەکاندان، خەڵک لێیان بێبەش کراوە.**

**١١. قەدەغەکردنی کاری منداڵان و دابینکردنی ژیان و خوێندنیان جیا لە پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتی خێزان. دروستکردنی خۆشگوزەرانی گشتی لە ڕێگەی بیمەی بێکاری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەهێز بۆ هەموو ئەو کەسانەی تەمەنیان لە تەمەنی یاساییدا هەیە کە ئامادەن بۆ کارکردن یان ناتوانن کار بکەن. خوێندن و چاودێری تەندروستی بێ بەرامبەر بۆ هەموو مرۆڤەکان.**

**١٢. ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی دەرەوە لە ئاستە بەرزەکاندا لەگەڵ هەموو وڵاتانی جیهان لەسەر بنەمای پەیوەندی دادپەروەرانە و ڕێزگرتنی یەکتر و قەدەغەکردنی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی و هەوڵدان بۆ ئاشتی جیهانی.**

**لە ڕوانگەی ئێمەوە، بە لەبەرچاوگرتنی بوونی سامانی ژێرزەمینیی پۆتانسێل و ڕاستەقینە لە وڵاتدا و بوونی خەڵکێکی وشیار و بەتوانا و نەوەیەکی گەنج و تازە پێگەیشتوو کە پاڵنەرێکی زۆریان هەیە بۆ چێژوەرگرتن لە ژیانێکی خۆش و ئازاد و خۆشگوزەران. دەتوانرێت دەستبەجێ ئەو لانی کەمی داواکاریانەی سەرەوە بەدی بهێنرێت.**

**ئەو داخوازییانەی لەم مەنشورەدا هاتوونەتە ئاراوە، میحوەری گشتیی داخوازییەکانی واژۆکارانمان لەبەرچاو دەگیرێت و دیارە لە درێژەی خەبات و هاودەنگیماندا بە شێوەیەکی وردتر و وردبین مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین.**

**شورای هەماهەنگی ڕێکخراوە پیشەیی کارمەندانی پەروەردەو فێرکردنی ئێران**

**یەکێتی ئازادی کرێکارانی ئێران**

**یەکێتی ڕێکخراوەکانی خوێندکاری خوێندکارانی یەکگرتوو**

**سەنتەری داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ**

**سەندیکای کرێکارانی کۆمپانیای نیشکار هێفت تەپە**

**شورای ڕێکخستنی ناڕەزایەتی کرێکارانی گرێبەستی نەوت**

**ماڵی ڕۆشنبیری ئێران (خەفا)**

**بەئاگاهاتنەوە**

**بانگەوازی ژنانی ئێران**

**دەنگی سەربەخۆی کرێکارانی گروپی میللی پۆڵای ئەهواز**

**ناوەندی بەرگریکارانی مافی کرێکاران**

**ئەنجومەنی پیشەیی کرێکارانی کارەبا و کانزاکانی کرماشان**

**کۆمیتەی هەماهەنگی بۆ یارمەتیدان لە بنیاتنانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان**

**یەکێتی خانەنشینان**

**شورای خانەنشینانی ئێران**

**ڕێکخراوی خوێندکارانی پێشەنگ**

**شورای خوێندکارانی بیری ئازاد لە ئێران**

**سەندیکای نیگارکێشانی پارێزگای ئەلبۆرز**

**لێژنەی بەدواداچوون بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوە کرێکارییەکان لە ئێران**

**شورای خانەنشینانی ڕێکخراوی ئاسایشی کۆمەڵایەتی (بەستا)**